# نەفرەت لە بکوژانی کانی یەڵماز




کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی تیرۆرکردنی کانی یەڵمازو سەبری تۆری، ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی وڵاتپارێزی کوردستانمان بیست، ئێمە لەکاتێکدا داخباری و دڵتەنگی خۆمان لەپێوەندی لەدەست چوونی ئەو دوو تێکۆشەرەی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنین و پرسەو سەرەخۆشی خۆمان لەبنەماڵەو هەڤاڵانی قوربانیەکان و خەڵکی کوردستان دەکەین، لەهەمان کاتدا ئەم کردەوە تیرۆریستیە ریسواو شەرمەزار دەکەین. تیرۆرکردنی تێکۆشەرێکی وەك کانی یەڵماز لەنێو جەرگەی شارێکی وەك سلێمانیدا تا ئەوپەڕی سنوور جێگەی خەفەت و دڵتەنگی ئێمەیە. هەرچەندە تا ئێستا بە فەرمی هیچ کەس و لایەنێك ئەنجامدانی کردەوەکەی لەئەستۆی خۆی نەگرتووە، بەڵام ئەم تیرۆرە لەژێر هەربیانۆیەکەوە بەرێوەچووبێت، مایەی نەنگی و شەرمەزارییە، دەبێ خەڵکی کوردستان نەفرەت لەتیرۆریستان بکەن و ریسواو شەرمەزاریان بکەن.

بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بە درێژایی تەمەنی خۆی هەرگیز پەنای بۆ تیرۆرو تۆقاندنی بەرانبەر نەبردووە، زۆر شۆڕشگێڕانە درێژەی بە کاروانی تێکۆشانداوە. دۆست و دوژمن گەواهی ئەو راستیە دەدەن کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد رەوایەتی خۆی پاراستووەو لەپێناوی پساندنی کۆت و زنجیری کۆیلەتی، بۆ رزگاری گەل و سەربەخۆیی نیشتیمانەکەی لێبڕاوانە خەباتی کردووە، لەم پێناوەشدا بەهەزاران تێکۆشەری راستین گیانی خۆیان پێشکەش بەخاك و نەتەوە کردووە. دوژمن و داگیرکەرو ناحەزانی کوردستانیش زۆر دڵڕەقانە سەنگەریان لەتێکۆشەران گرتووە، لەرێگەی نۆکەرانیانەوە دەرفەتە رەخساوەکانیان لەدەست خۆیان نەداوە، بە هەر شێوازێك بۆیان کرابێت، گورزی خۆیان لەپەیکەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان داوە، پێشمەرگەو سەرکردەکانی ئەو بزاڤەیان شەهید کردووە. تا ئێستا دەیان سەرکردەی تێکۆشەرو ناودار بە پیلانی جۆراوجۆرو بە شێوازی رەنگاوڕەنگەوە تیرۆرکراون. تیرۆرکردنی کانی یەڵمازو سەبری تۆریش لەخانەی ئەو پیلانە نەخشە بۆ داڕێژراوانەیە کە بەقازانجی داگیرکەران تەواو دەبێت. لەم پێوەندیەدا خوازیارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی وردو پێویست سەبارەت بەو تیرۆرە بکات و تیرۆریستان بناسێنێ و سزایان بدات. هەروەها داوا لەخەڵکی وڵاتپارێزی کوردستان دەکەین کە چاوکراوەتر و پەرۆشتر لەرەوتی رووداو و پێشهاتەکان بڕوانن و یەکڕیزی لەبەرانبەر تیرۆرو تیرۆریستان هەڵوێست وەربگرن، نەفرەتیان لێبکەن و ریسواو شەرمەزاریان بکەن.

سڵاو بۆ گیانی پاکی کانی یەڵمازو سەبری تۆری.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.

نەفرەت لەتیرۆریست و تیرۆرپەروەران.

**حزبی رزگاریی کوردستان**
**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
٢٠٠-٢-١٢

## ژنان دەکوژرێن و خۆیان دەکوژن

بە پێی هەواڵی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە گوندەکانی دەورو بەری سەردەشت، رۆژەکانی ٢٠ و ٢٣ی رێبەندان، دوو کچی لاو بەناوەکانی "پەخشان. پ" ی ١٧ ساڵە خەڵکی گووندی "بانوو" و "خاوەر. ع" ٢٢ ساڵە خەڵکی گووندی "کاولان" خۆیان هەڵاوەسیوەو کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە.

هەروەها بەگوێرەی هەواڵەکان لەهەفتەی رابردوودا ژنێك کە ناوی بەیان گوڵشەنی خەڵکی کرمانشان بووەو مێردەکەی خەڵکی شاری کەرەجە لەرووداوێکی گوماناویدا کوژراوە. گومان لەمێردەکەی کراوەو لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەرکراوە، بەڵام دوایی بە زەمانەت ئازادکراوە. وا چاوەڕوان دەکرێ کە لەم هەفتەیەدا بانگبکرێ و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ و رەوانەی بەردەم دادوەر بکرێ.

هەروەها بەگوێرەی هەواڵ رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٦ تەرمی ژنێکی ٢٠ ساڵان لەناوچەی کۆڕێی نزیك شەقڵاوە دۆزراوەتەوە کە شوێنی دوو گوللە بەسەر سنگیەوە دیاربووە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە کوژراوەکە نەناسراوەو هۆکاری کوشتنەکەش نادیارە، بەڵام پۆلیس لەو باوەڕەدایە بەرەبەیانی رۆژی ١٦ی شوبات ئەو تاوانە ئەنجامدرابێ و قوربانیەکەش کەسێکی دانیشتووی ناوچەکە بێ.

هەروەها بە گوێرەی راگەیاندنەکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، لەیلا والی حوسێن ناسراو بە ڤیان جاف، تەمەن ٢٥ ساڵ، ئەندامی سەرکردایەتی ئەو پارتە بۆ پرۆتستۆکردنی سزای تاکبەندی کە بەڕێوەبەرانی زیندانی ئیمراڵی بەسەر بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان سەپاندبوویان، رۆژی ١ی شوبات لە چیای هەفتەنین ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداوەو خۆی سووتاندووە.

## هەولێر: بۆ وەدەسهێنانی غاز خەڵك و پۆلیس تێکهەڵدەچن

رۆژی دوشەممەی رابردوو، رێکەوتی ٢٠٠٦/٢/١٣ لەلایەن بەرێوەبەرایەتی دابەشکردنی سووتەمەنیەوە چەند لۆری کە بتڵی غازیان لێ بارکرابوو، بەپاسەوانیەتی هێزێکی پۆلس و ئاسایش، بەمەبەستی فرۆشتن بە دانیشتوانی ناو شاری هەولێر رەوانەی گەڕەکەکان کران، بەڵام هەر لەسەرەتاوە شێوازێکی شانۆگەری پێشان دەدا، چونکە لۆریەکان هێواش هێواش دەڕۆیشتن و خەڵکی کە بتڵی غازی بەتاڵیان لەکۆڵ کردبوو، بەدوایانەوە رایان دەکرد. لۆریەکان لەهیچ شوێنێ رانەدەوەستان، ئەگەر راشبوەستانایە غازیان نەدەفرۆشت، تەنها قەڵەباڵغیان دروست دەکرد، بەمەش تووڕەیی و ناڕازی بوون لەنێو خەڵکی گەڕەکەکان سەری هەڵدا. بۆ نموونە لەگەڕەکی نەورۆز کە دوو لۆری پڕ لە بتڵەغاز بەکۆڵانەکاندا دەسوڕانەوەو خەڵکیش بە دوایانەوە رایان دەکرد، دیمەنێکی زۆر سەیریان دروست کردبوو. کاتێ خەڵکەکە هەستیان بە گاڵتە پێکردن کرد، ویستیان بەزۆر لۆریەکان رابگرن و ناچاریان بکەن کە غازەکانیان بفرۆشن، بەڵام پۆلیس و ئاسایش لاگیریان لەخاوەن لۆریەکان کرد، بەمەش گرژی و تێکهەڵچوون لەنێوان جەماوەرو چەکدارەکان روویدا. ژن و منداڵ بە داروبەرد هێرشیان بردو لەچەکدارەکانیاندا، زۆر نەمابوو تێهەڵچوونەکە گەورەتر ببێ و گوللەی تێدا بە کاربهێنرێت. سەرەنجام بێ ئەوەی یەك بتڵەغازیش لەگەڕەکی نەورۆز بفرۆشرێت، خاوەن لۆری و هێزە چەکدارەکە رایانکردو خۆیان لەچنگی جەماوەری ناڕازی دەرباز کرد. ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەکە قەیرانی سووتەمەنی دانیشتوانی باشووری کوردستانی هەراسان کردووە، لەکاتێکدا سەرمای زستان باڵی کێشاوە کەچی لەپەنای چەند بیانۆیەکەوە قەیرانی سووتەمەنی قوتکراوەتەوە، نرخی نەوت و بەنزین و غاز گرانکراوە. لەم پێوەندیەدا خەڵکی بەرپرسان و لایەنە پێوەندارەکان بە کەمتەرخەم و خەم سارد تۆمەتبار دەکەن.

## هەواڵی سەبر

* خەڵك ئەزانێ کە گرانی بەرهەمە سووتەمەنیەکان خەتای خاوەن بەنزینخانەکانەو هیچ گومانیش لەو قسەیەدا نییە. کرێکارێك لەیەکێك لەبەنزینخانەکانی کەرکوك ئەڵێ بەرهەم هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نەکردووە، بەڵام دەسەڵاتێك هەیە ئیشەکەی تێك داوە، بەنزین هەیەو ئەڵێن دابەشی مەکەن و بڵێن لەبێجی بۆڕی شکاوە، لەم لاشەوە سەیارەی هەندێ مەسئل و ئەفسەریش بەبێ حساب کردن بۆ ئەو هەموو تابوری سەیارانە یەکسەر دێن پڕی ئەکەن و ئەڕۆن و هەندێ جار پارەش نادەن.

* لەتەقینەوەیەکی ناو شاری کەرکوکدا کوڕێك بەناوی (نەجات حوسێن) بریندار دەبێ و تەلەفۆن دەکات بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی فریای بکەون، کاتێ کەسوکارەکەی دێن بە دەنگی‌یەوە،لەوکاتەدا تەقینەوەیەکی تر روودەدا، ئەمجارەیان براکەی شەهید دەبێ، ئینجا پۆلیس و ئاسایش دێن و کۆمەڵێ خەڵك دەگرن، یەکێ لەوانە (نەجات)ی برینداربوو ، پێدەڵێن تۆ (ئیرهابیت). بەڵام دوای ئەوەی لەمەڵبەندی رێکخستنی رانیەوە پشتگیری بۆ دەکرێ، ئەوسا دوای دوو رۆژ ئازادی دەکەن.

* مەلای مزگەوتەکەی ناحیەی قەرەهەنجیر لەووتاری رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٠ بە شێوەیەکی سەیر کەوتە زەمی ئینتەرنێت و ئەوانەی کە بڕوایان بەو هەواڵانە هەیە کە لەئینتەرنێتەوە بڵاودەکرێنەوە ،گوایە فڵان وەخت باران و لافاوە، یان فڵان شت روودەدات، تەنانەت کەوتە زەمی نەخۆشی (ئەنفلەوەنزا)ی باڵندەش و دەیانگوت: ئەمە دەسکردی ئەجنەبی و ئەمریکیەکانەو بڕوا مەکەن.

* لەکاتی دەسەڵاتی (عەلی حەسەن مەجید)، لەچوار ڕیانەکەی (عەرەفە) ی ناو کەرکوك پەیکەری چوار شمشێری گەورە دروست کرا کە تا ئێستا ماوە. ئەو پەیکەرە رەمزی دەسەڵاتی بەعس نیشان دەدا. بەڵام دوای رووخانی بەعس لەجیاتی ئەم پەیکەرە تێکبدرێت کەچی ساڵ بەساڵ بۆیاخ دەکرێتەوە... بەنزینخانەی (٧ی نیسان) یش لەسەر هەمان تابلۆ کراوە بە (١٠ی نیسان).

* شەوی ٢٠٠٦/٢/١٦ تانکەرێکی گەورە لەگۆڕەپانێکی گەڕەکی نەورۆز راگیرابوو، بەیانی زوو خەڵکی گەڕەکەکە کە بەئاگادێن وادەزانن پارێزگار بەڵێنی خۆی گەیاندۆتە سەرو نەوتی بۆ رەوانە کردوون، بۆیە بەپەلە سەدان بەرمیل لەدوای تەنکەرەکە ریز دەکرێن و چاوەڕوان دەبن تاوەکو شۆفێرەکە بێت و نەوتیان بەسەر دابەش بکات. کاتێ شۆفێرەکە هات واقی وڕماو پرسیاری لەخەڵکەکە کرد: ئایا ئەم هەموو بەرمیلە چین کە ریز کراون و ئێوەش چاوەڕوانی چیدەکەن. خەڵکەکە بەخۆشحالیەوە ئاماژەیان بەتانکەرەکە کردو گوتیان: پارێزگار نەوتی بۆ رەوانەکردووین، ئەگەر ئەتووش بەرمیلت هەیە بیانهێنە. کابرا دەستی بە پێکەنین کردو گوتی: نەوتی چی و پارێزگاری چی!، ئەمە تانکەری منەو بەتاڵە، شەو نەمتوانی بیبەمە ماڵەوە بۆیە لەم گۆڕەپانە رامگرتووە و پارەم بە پاسەوان داوە تا ئاگای لێبێت. ئیدی خەڵکەکە بە هەناسە ساردیەوە بەرمیلەکانیان گەڕاندەوە.

## هەواڵ هەواڵ

### قایمقام لە وڵاتیەك دەدات

* رێکەوتی ٢٠٠٦/٢/٨قایمقامی شاری شەقڵاوە داوا لە وڵاتی (سنار فەهد) دەکات کەدەورووبەری جۆگەی گەڕەکەکەیان، گەڕەکی سەرگرد پاك بکاتەوە بەڵام ناوبراو رەتیدەکاتەوە پێیدەڵێ: من کارمەندی حکومی نیم، ئەمە کاری مووچە خۆرەکانتانە، بەڵام جەنابیقایمقام ڕقی هەڵدەستێ و دەیداتە بەر شەق و زۆری لێدەدات، هەردوو گوێچکەی دووچاری خوێن بەربوون دەبن، بۆیە رەوانەی نەخۆشخانەی هەولێری دەکەن .لەدوای ئەمە قایمقام بەمەبەستی داوای بووردن وەفدێك لەناوچەی پارتی و چەند کەسایەتیەك رەوانەی ماڵی سنار فەهد دەکات.

### خەڵك کۆپنی نەوت هەرزان فرۆش دەکەن

* خەڵکی لەرانیە لەبەر بێ ئومێدبوون لەدابەشکردنی نەوت پسولەکانیان بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشنەوەو بە نرخێکی گرانتر نەوتی پێدەکڕن. ئەوانەی پسولەکان دەکڕنەوە دووچاری نیگەرانی هاتوون چونکە چەند هەفتەیەك چاوەڕوان بوون کە نەوت دابەشبکرێت. بەڵام بەهۆی نەبوونی نەوت چەندین کێشە لەسەر ئەم مەسەلەیە دروستبووە. کەسێك کە دانیشتووی گەڕەکی ئازادی رانیەیە  پسولەی نەوتی بە ٦٠ هەزار دینار لە دراوسێکەی کڕی بوو، بەڵام کاتێ بێئومێد بوو پسولەکەی گەڕاندەوەو داوای ٦٠ هەزار دینارەکەی لێ کردەوە بەمەش کێشەو ناخۆشی لەنێوان دوو دراوسێی خۆشەویست دروستبوو. تا ئێستا دەیان کێشەی لەو بابەتە سەریان هەڵداوەو خەڵکیان گرفتار کردووە.

### گەریلا بە دوای راکردووەکان دەگەڕێ

* رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٠ لەگوندی زەنگەلی بناری کێوەڕەش گەریلاکانی کۆنگرەی گەل هێرش دەکەنە سەر ماڵی (پیرە زەنگەلی) و سۆراغی ٣ لەهەڤاڵانی خۆیان کە ریزەکانیان جێهێشتوون دەکەن، بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە بڕی ٣٠ هەزار دۆلاریان بردووە. بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری گوشار  دەخەنە سەر پیرە زەنگەلی و داوای لێدەکەن کە هەواڵی ئەم ٣ گەریلایە ئاشکرا بکات، هۆکاری ئەم گوشارەش لەبەر ئەوەبووە کە رۆژێك پێش راکردنیان لەماڵی ئەو نووستووبوون و نانیان خواردبوو. گەریلاکان گومانیان لەوە هەبووە کە ئەو ماڵە هاوکاری ٣ گەریللا راکردووەکەیان کردبێت بۆیە  هەڕەشەیان لێکردووە و پێیان راگەیاندووە ئەگەر هاوکاریی تەواویان نەکات لێپرسینەوەی زیاتری لەگەڵدا دەکەن وسزای دەدەن.

### گە نجێك دەکوژرێ

* رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٠ گەنجێکی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی کە دانیشتووی رانیەبوو لەلایەن خەزوورەکەیەوە لەشارۆچکەی دوکان بۆ مەی خواردنەوە دەعوەت دەکرێت، لەدواییدا بەشێوەیەکی نەشیاو دەیکوژێ، ئەوەی  شایانی باسە تاکو ئێستا هۆکاری کوشتنەکەی دیارنییەو تاوانباریش خۆی تەسلیم بە پۆلیس کردووە.

### ئافرەتێك گیان لەدەست دەدا

* رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٢ لەگوندی سێوەکەی سەر بە پیرمام ئافرەتێك بەناوی (بەدرییە قادر) گیانی لەدەستدا گومانی ئەوەی لێدەکرێت کەبەنەخۆشی ئینفلەوەنزا مردبێت بەڵام تائێستا هیچ لایەنێکی تەندروستی هۆکاری مردنەکەی رانەگیاندووە.

### وڵاتیەك خۆی دەکوژێ

* رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٠ لەگوندی بێراوەی دۆڵی خۆشناوەتی وڵاتیەك بەهۆی کێشەی خێزانیەوە دەست بۆ خۆکوژی دەبات و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت. شیاوی باسە کە کەسوکاری قوربانیەکە هەڕەشەیان لەخزمی ژنەکەی کردووە و ئەوانیان لەمەرگی کوڕەکەیان تۆمەتبار کردووە چونکە گوایە لەخەفەتی ئەوان دەستی بۆ خۆی کوژی بردووە.

### موسڵ: کوردێك دەکوژرێ

* رۆژی ٢٠٠٦/٢/٩ وڵاتیی  (ستار قەڵادزەیی) لەگەڕەکی کەرامە لەموسڵ دەکەوێتە داوی تیرۆریستانەوە ، هەرچی پارەو پولی لەگیرفان دەبێ لێی دەسێنن، دواتر دەیکوژن. پاشان خزم و کەسانی تەرمەکەی دەهێننەوە دارەتووی نزیك هەولێرو بە خاکی دەسپێرن. ئەوەی شیاوی باسە گروپە ترۆریستەکان بەمەبەستی ترس و تۆقاندنی

### هەورە تریشقە مەرگ دەچنێ

* رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٠ لە ئاکامی بریسکەیەکی هەورە تریشقەدا  وڵاتیی (ئەیوب وەرتێ)  لەگوندی پڵینگانی دۆڵی شاوریێ دەڤەری ڕانیە  گیان لەدەست  دەدات.

### تەرمی لاوێك دۆزرایەوە

* رۆژی ٢٠٠٦/٢/٩ لەئاوی دەربەندی رانیەدا تەرمی لاوێکی تەمەن ٢٦ ساڵ دۆزرایەوە،بەڵام هیچ بەڵگەنامەیەکی‌لەگەڵدا نەبوو، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە پۆلیس تەرمەکە رەوانەی نەخۆشخانەی گشتی رانیە دەکات، هەرچەندە هۆکاری مەرگی ئەو لاوە دیار نییە بەڵام گومانی ئەوەی لێدەکرێ کە خنکێندرابێت.

### بە چەکوش لەکەسێك دەدرێ

* کاتژمێر ١٣:٣٠ ی رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٥ لەناو بازاڕی رانیەدا حەسەن هەڵشۆیی لەگەڵ ٢ کەسی تردا پەلاماری وڵاتیی (حوسێن سور) کە لەچایخانەیەك دانیشتبوو دەدەن و بەچەکوش لێی‌دەدەن و بە سەختی زامداری دەکەن . پاشان پەلاماردەران رادەکەن و شوێنەکە جێدەهێڵن. حوسێنە سوریش بەهۆی سەختی برینەکەیەوە رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ. شیاوی باسە ناسیاوانی حوسێنە سوور هۆکاری ئەم پەلامارە بۆ کێشەی ئافرەت دەگێڕنەوە. نیو سەعات دوای ئەم رووداوە ئەوسا دەزگای ئاسایش ئاگادار دەبێتەوەو بەرەو شوێنی روداوەکە دەرۆن.

### پارتی سەربەستی کوردستان دامەزرا

رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٧ راگەیەندراوی کۆمیتەی بەرێوەبەری کاتی پارتی سەربەستی کوردستانی لە راگەیەندراوێکدا بوونی خۆی وەك پارتێکی نەتەوەیی و سیاسی دەستبەکاربوونی خۆی راگەیاندووە. لە راگەیەندراوەکەدا ئامانج و ستراتیژی سەرکی پارتەکە بۆ پێکهێنانی دەواڵەتی سەربەخۆیی رۆژهەڵاتی کوردستان دیاری کراوە هەرچەندە تا ئێستا بەرنامەو پێرەوی ناوەخۆو پرۆژەکانی ئەم پارتە بڵاونەکراوەتەوە بەڵام ئاماژە بەوە کراوە کە باوەڕی بە سەربەخۆی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی هەیە، لەپێناو بڵاوکردنەوەی هزری سەربەخۆیی و بیری نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیش لەناوچەکانی کرامنشان، ئیلام، لوڕستان تێدەکۆشێت.